

خالید کاوێس قادر

# خەتام کرد دوای ئادەم کەوتم






وەرزێک وەرە فێری خەمی رۆینت بکەم
رۆین بەبێ روخسەتی شەو
رۆین بە رێگا جوانەکانی خەتادا
رۆینێکی خواوەندانە لەگەڵ بادا
بە دەم ژانەکانی حەزەوە
رۆین بە دەم کوژاندنەوەی تەریقەتە
دەسکردەکانەوە




شیعر گەڕانە بە دوای خەونە بە دینەهاتووەکانی مرۆڤایەتی، شیعر گەمەی زمان و حیکمەتی رستە و جیهانبینییە دەرەکی و ناوەکییەکانی شاعیرە کە لەگەڵ خۆیدا بۆ جیهانی خودمان دەبات و لە هاوێنەیەکدا ژوانی لەگەڵدا دەگرین، شاعیر هەمیشە لەو پەنجەرە رۆشنەوە لەگەڵمان دەپەیڤێ، کە گەڵا زەرد و سەرمابردەکانی پایزێ کۆ بکەینەوە و لە وەرزێکەوە بۆ وەرزێکی تر کۆچ بکەین و چەترەکانمان تور هەڵدەین.

گەڕان بە دوای ناوەندێکی مرۆیی لە رێگەی کرداره زمانەوانییەکانی شاعیرەوە، کە "چنوور نامیق حەسەن" پەلکێشمان دەکات بۆ نێو دنیابینی و زمانی چێژ و مانا لە نێو رستە شیعرییەکانیدا، گەیشتنە بە جەوهەری جیهانێک کە پڕە لە جوانی و نزیکبوونەوە لە بەهەشت و گەیشتن بە ئاقارەکانی فانتازیا وتەباییبوون لەگەڵ ئەوانی تر.

لە کۆشیعری "خەتام کرد دوای ئادەم کەوتم"ی خانمە شاعیر "چنوور نامیق حەسەن" کە لە چوار کۆمەڵە شیعر پێک هاتووە، ئەوانیش "لێوی مەراق" و "ئێواران بۆنی خەوم لێ دێ" و "مەرکانە شکاوەکانی جەنگ" و "تەیمانێکم لە گوڵ جێ هێشت"، کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠٩ بە چاپ گەیشتووە.

لە کتێبێکی قەوارە گەورەی ٣٨٥ لاپەڕەییدا، ئێمە لەگەڵ رۆچوونمان بۆ نێو دنیابینیەکانی شاعیر و خوێندنەوەیەکی کورت و سەرلەبەری شیعرەکان، هەوڵ دەدەین کار بۆ کردنەوەی شفرەکانی دەق لای "چنوور نامیق حەسەن" بکەین و لەو رێگەیەشەوە بگەین بە ستاتیکا و سایکۆلۆجییەتی شیعرەکان و لەوێوە زمانێکی لێکگەیشتن لە نێوان شیعرەکان و خوێنەردا دروست بکەین و شۆڕبینەوە بۆ ناو هەست و نەستەکانی شاعیر.

خودی هەر شیعرێک بگرین، جۆرێک بەهای هەڵسەنگاندنی خۆی هەیە، لە هەر شیعرێکدا بنچینە و سەرەتا و پرەنسیپی خۆی هەیە، بەڵام لە هەمووی گرینگتر مەعریفەی شیعرییە کە خۆی لە ماهیەتی زمانی شیعریدا دەبینێتەوە، وەک چۆن هەر شیعرێک تام و چێژی خۆی هەیە، من بە جۆرێک لە جۆرەکان وەک خوێنەر لە دەقێک دەڕوانم و چێژی لێ وەردەگرم، کەسێکی تریش بەهەمان شێوە روانگەیەکی تری هەیە بۆ چێژ وەرگرتن لە




دەقێکی شیعری، ئەمە لە واقیعدا و زۆر راشکاوانەش پێی وایە شتێکی ئاساییە، بەڵام لەمانە گرینگتر هێز و دەسەڵاتی دەقە شیعرەکەیە، تا چ ئاستێک مەعریفەی شیعری لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە و چ دنیابینی و پرسیارێکمان لەلا دروست دەکات.

هەر یەک لە ئێمە بە جۆرێک
عەشقمان پایز باران کرد
بێ پەنجەرە لە رەنگی خوامان ئەڕوانی
بەبێ ژوان نمەی ئاسمانمان خواردەوە
برژانگم نمەی ژیانی تەڕ ئەکرد و
ئەوین لێوی کاڵکردمەوە

کاڵبوونەوەی ئەوین و پایز بارانکردنی عەشق بۆ جوگرافیای ئەو مێژووەمان دەباتەوە، کە باوە ئادەم بە خەتایەکی دایکە حەوا، کە هێمایەکە بۆ بارودۆخێکی شڵەژاو و ئابڵوقەدراو بە گوناه، کە ئەمەش لە یادەوەری ئێمەدا و لە کتێبە ئاسمانییەکاندا گەڕانەوەیە بۆ قورسایی خەتایەک بۆ هەڵوەشانەوەی پێوەندییەکی ئیلاهی بۆ دوورخستنەوەی مرۆڤ لەو پاکیزەیی و بەهەشتەی بۆی ئامادە کرابوو، کە مرۆڤ بە حەسرەتەوە لە پەنجەرەیەکەوە کە ئەویش رێگەی عیبادەتی خواییە بڕوانێتە خالقەکەی خۆی کە لە ژێر پەردە و نەزانانە پەیمانەکانی خۆی شکاند و بەمەش لەو روانگەیەوە دەسەڵات و پاکیزەیی مرۆڤایەتی کەوتە ژێر رەحمەتی نمەی "ئاسمان – ژیان"ەوە.

ئەم دەستپێک و ئاخاوتنە شیعرییە لە «هەریەک لە ئێمە» گوزارشتە بۆ شتە زانراوەکانی خودی شاعیر بەرەو شتە نادیار و نا بەرجەستەکان، گوتاری شیعری لەو ساتە وەختەوە لە دایک دەبێت و نەشونما دەکات کە لە هێڵە دیارەکانی مەعریفەی شیعرییەوە "زەینی دەروونی" شتەکانمان هەبێت و کە بە دوای زەمەنی چڕکراوەی شتەکاندا بتوانین پرسیارگەلێک لە ساتەوەختێکی هەستیاردا بەرجەستە بکەین.

«لە داوێنی ئەم بارانە بازنەییانە
رێگاکان هەنگاوی برسی ماچ ئەکەن
کێ لە هەڵقوڵینی رێ ئەگا




ئەی ئێمە بخزێینە بن کام بەردەوە
تا ناوی لێ بنێین وڵات
لە مەنفاوە بەرەو مەنفایەکی دوورتر
لە عەشقەوە بەرەو ئاوابوونی ژوان
لە بالیەی بێداری گوڵەکانەوە بەرەو ئاگری
جەنگەڵەکانی بەزەیی
گەڕانەوە بۆ کەنارەکانی پێکەنین»

ئەمە ڕایەڵە سەرەتاییەکانی ئەو تراژیدیایەیە کە مرۆڤ بە سروشتی خۆی لەگەڵ خۆیدا هەڵی گرتووە و هەمیشە بە دوای ڕێگەچارەیەک دەگەڕێ بۆ دەربازبوون لەو ئاستەنگ و کارەسات و قەیرانەی تێی کەوتووە و بە دوای کەنارەکانی یەقین عەوداڵە، دەربازبوون لەو نائومێدی و زەنگی مردنەی کە نازانێ بخزێتە بن کام بەردەوە، ئەمەش پێوەستێکی میتافیزیکییە لە نێوان سروشت و مرۆڤەکان، هەڵگرتنەوەی گیانی ئەو ئاڵۆزییەیە بۆ چەمکەکانی جوانی و لەنگەرگرتنی مرۆڤەکان لە نەهامەتی.

وەزیفەی ئێمە وەک شاعیر و ڕۆشنبیران ئەوەیە کە ئایدیۆلۆجیا و دەسەڵاتە سیاسییەکان وەک قەدەرێکی نەزانراوی مرۆڤ نەخوێنینەوە، ئێمە بە دیوەکەی تر وەک بەهایەکی تازە و وەک ئازادبوونێکی مۆدێرن سەرجەم سنووره قەدەغەکان ببەزێنین و بیرکردنەوە و ئایدیایەکی تر بدەین بە ژیان و لەو جەوهەری دەسەڵاتەوە تێڕوانینێکی تر بدەینە روحی یاخی خۆمان و دەوروبەرەکەمان.

جەنگەکان هەرچەندە وەک بارانێکی بازنەیی کۆت و بەندمان بکەن ، ئابلووقەمان بدەن، ئەمە دەلالەتی خۆ تەسلیمکردن و بە دەستەوەدانی مرۆڤەکان نییە، بۆ گەیشتن بە کەنارەکانی ئۆقرەیی و پێکەنین.

کۆی ترس ئەو هالەیە یان حاڵەتە نییە، کە لە زەمەنە جودا جوداکان خاوەنی خۆمان و هەستە ناخییەکانی خۆمان نەبین و جیهانبینییە مەعریفییەکانی خۆمان لە ساتە وەختێکی نا دیاردا بپووکێینەوە، دەبێ لەودیوی ترسەوە، ترووسکاییەک لە ناومان دابگیرسێت و کەلەبەرێ بۆ زەین و دنیابینیەکانی خۆمان بکەینەوە .

«ئێمە پێش وەختی درۆینە نووستین




بۆیە چاوەکانی هاوین هەر لێمان سوور دەبنەوە
بۆیە زستان هەر سپیمان دەکاتەوە
پایز بەسەری قژنەوە دەمانڕنێ
تەنیا بەهار سەوزایی ڕۆحمان پی دەبەخشێ
ئامێستا زەمەن گامۆڵکێ دەکا
ململانێی سێبەرەکان لێ ناگەڕێ بگاتە جێ
لە هەورەبانەکانی میحنەت زۆر جار یەکمان نەدەناسی
پشتی چەماوەی کارەسات لە رووما نەدەبووەوە
بە شکستی سوێندی ئەدایین
تا رەهێڵەمان بەرێ دەکرد
تەم بە رووما نەوە دەهات»

"چنوور نامیق" لە حاڵەتێکی بیرکردنەوەی ئاساییدا ناژێت، لە ساتەوەختێکی دەربازبوونە بۆ گەڕانەوەی سەروەرییەکانی مرۆڤایەتی، ئەو لەو قەڵەمە بە پێزانەیە، لە رێگەی رستە شیعرییەکانییەوە، وەک حیکایەتخوانێکی بلیمەت و بەکارامە، رووبەڕووی جەنگ و نەهامەتییەکانی دەبێتەوەو دەیەوێت زەوی خوا، پڕ بکات لە پەنجەرەی کراوەی روو لە جوانییەکان و هێزی کوشتن و توندوتیژی رەت دەکاتەوە.

"چنوور نامیق" لەودیو فەلسەفەی رستە شیعرییەکانییەوە، لەسەر عەرشی وشە دانیشتووە و ژیکەڵانە جڵەوگێڕی شیعرە و وەزیفەیەتی رووبەڕووی وەحشەتگەری و ناتەبایی و مەسخبوونە ناتەباییەکانی سەردەمە جەنجاڵ و پڕ ئاشووبەکەی ببێتەوە و بەر لە درۆینە نەهێڵێ بنووین و پایز بەسەری قژنەوە بمانڕنێ.

ماهیەتی شیعر هەر لەوەدا نییە، لەگەڵ ئاراستەو شتە تەباکاندا یەک بگرێتەوە و پشت لە گومانەکان بکات و حەسانەوەی دەروونیمان بداتێ و بە شتە ئاساییەکانی رۆژانەوە، لە وردەکارییەکانی ژیان دوور بکەوێتەوە، ئێمە نامانەوێ وەک ئەفسانەیەکی خەیاڵی پاڵەوانێکی یۆتۆپیا لە سەردەمێکی دژوار و بەرژەوەندخواز بخولقێنین، کاری ئێمە دەربازبوونی مرۆڤایەتییە لە ناوجەرگەی میحنەتەکان و ئەو ئاماژەگەلانەی هەڵگری ژەهری مردن و دڵڕەقی و کوشتن و سیفەتێکی قێزەون و پڕ وەهم بە مرۆڤایەتی دەدەن و سنوورەکانی نمایشی جوانکاری و تەبابوونی مرۆڤ دەبەزێنن، پیشانی خوێنەران بدەین.




ئێمە لەو بنیاتە فەلسەفییەوە دەڕوانینە ململانێی دژ بەیەکانەی سێبەرەکان، ئەو مۆتەکانەی لەسەر دڵی مرۆڤایەتین و پزیسکی شەڕ و ئاشتبوونەوەکانیان بە دەستەوەیە و سۆز و ئەوین و خۆشەویستی دەکوژن و لە چوارچێوەی یاسایەکی بە قاڵبکراو بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکان مرۆڤایەتی خەڵتانی خوێن دەکەن و دەیانەوێ سروشت و کەسەکان بۆ خۆیان دەستەمۆ و رام بکەن.

ئەم دەسەڵاتی شەڕانگێزی و بە مولَکایەتیکردنەی دەسەڵات، هەمیشە گەمەیەک دەکات هەرچی ئازادی تاکەکانە وەک خەرمانێک گڕ تێ بەردەدا و لەو تراجیدیایەی مرۆڤایەتییەوە دژ و هاودژەکان لە دایک دەبن.

« شەوێک وەرە و
بەرەو دنیا درەختاوێکەم ئۆغر کە
ئەو دنیایەی ساتێ لە شێواوی من و
تۆزێ لە شێوەی تۆ ئەچێ
سەرێکی پەرستگە رماوەکانی جاران بدە
ئایەتە تۆزاوێکانی
بۆنی جریوەی گوناهیان لێ هەڵئەسێ
خواوەندەکانی ئەو دەمە
فرە زمانی گۆرانی دوورت بۆ ئەڵێن
شەوێک وەرە و
لە کەنار نزرگەیەکدا گلەییەکانی دوێنێمان داگیرسێنە
لە چاوی پێکێکمان مەست بە
چوون حەشری خۆم و دنیاکەم
تۆزێ لە روخسارت ئەچێ»




لە نێو ئەو فەوزا گەورەیەی ناتەبابوون و خنکاندنی هەناسەکان، شاعیر دێت و دڕ بە تاریکی و بێدەنگی جیهان دەدات و وەکو کەسێکی زیندوو، کەسێک هەست بە شتە بچووک و شاراوەکان دەکات، ئەو بێدەنگییەی جیهان دەشڵەقێنێ و لە ڕێگەی ڕستە شیعری و پڕ جۆرئەتەکانەوە ئاماژە بە پەرستگا ڕماوەکانی دوێنی دەدات و وێڵە بە دوای ژیانێکی پڕ لە بەختەوەری کە دەلالەت لە بوون و وجودی مرۆڤایەتی بکات.

لەو ساتەوەختانەی زەمەن لە بزاوتی ئاساییی خۆی دەوەستێت و خۆمان لە بەردەم بۆشاییەکی زەمەنی کە سیفەتی گرفتاربوونی مرۆڤایەتیی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە بۆ دڵشکان و نائومێدی لە خۆمان و دەوروبەرمان، شاعیر بە ئاماژەیەکی بێداربوونەوە، داوا لە دڵخوازەکەی دەکات کە بە یادی جارانەوە شەوێک بە دیداری شادبێتەوە و وردە گلەییەکانی ڕابردوو گەش بکەنەوە، کە ئەمەش هێمای گەڕانی مرۆڤە بۆ دۆزینەوەی زەمەنێکی نوێ، زەمەنێک لە نێو ئەو زەمەنەی پڕ ئاشووب و فەوزایە و لە ڕێگەی ئەم دەربڕینەوە شاعیر دەیەوێت پێمان بڵێ حەشری خۆی و دنیاکەی لە رووخساری خۆشەویستەکەی دەکات، بەمەش وێنەیەکی ناڕاستەخۆ دروست دەکات، کە بەشە کپکراوەکانی ناخی خودی شاعیرە.

«بۆنم لی دێ

بۆنی عەتری خەواڵووبوون لە جەستەی

ئەو کچە جوانپۆشانەی

تەنانەت ماچەکانیشیان بۆنی درۆی لی هەڵئەستێ

بۆنم لی دێ

بۆنی گریانی ئاسمان و ئاژاوەی

قوماربازەکانی مێژوو

گڕوگاڵی کۆرپەکەم و

ماچەکانی هاوسەرەکەم بە درۆ ئەخاتەوە




دەنگێکی رەش لە خوار ژوورەکانی
ژوانە کۆنەکەمانەوە
کەڵەشێرە جێماوەکان خەبەردار ئەکاتەوە
زۆر بەپەلە جلەوی رۆژەکان ئەگرێ
چەپک چەپک بەرائەتی ویژدانمان
لێ ئەکاتەوە»

لێرەدا شێوازی گێڕانەوە بەرجەستەکردنی ئەو دزێوی و ماسکە درۆزنانەیە کە لە رووبەرێکی فراواندا، تراجیدیای بێ بەهایی خود نمایش دەکا و لەو رچەرێیەوە بەردەڵان و ساختەکارییەدا، هەموو ماناکانی جوانی لە دەست دەدا و لە هەڵوێستێکی ناماقووڵدا بێ دەسەڵات و مایەپووچ دەمێنێتەوە.

ئێمە کە عەودالی مرۆڤە نموونەییەکانین و دەمانەوێ گوێمان بە حەقیقەتەکان و گوفتارە راستگۆییانەکان بزرنگێتەوە، دەمانەوێ بە سنوورەکانی پاک و بێگەردی بگەین و مرۆڤایەتی بگاتە خاسیەتە تەباییەکانی خۆی، کەچی هەر لەوێشەوە و لە یەکەم خەلیقەتەوە یەکەم گوناهمان کرد و ئەو دەستوور شکاندنەی مرۆڤایەتی، بەردەوام دووبارە دەبێتەوە و لە بڕی راستگۆیی و داوێنپاکی هەمیشە درۆ لەگەڵ خۆمان و دەوروبەرەکەمان دەکەین و بە جۆرێک لەزەتی بڕواهێنانمان بە شتەکان نەماوە و لە نێو گومان و گومڕایی خودی خۆماندا دەژین و پەڵەقاژەمانە.

"چنوور نامیق"ی شاعیر لەمسەر تا ئەوسەری شیعرەکان، وەک جەستەیەکی یەکگرتوو، بە دوای دڵنەواییەکی سیحراوی دەگەڕێت، دڵنەواییەک دەستەجەمعی سەرجەم مرۆڤایەتی لە شەوقدا بژێت و لە بازنەیەکی گەورە و فراواندا خەلیقەت هەست بە ئارامی و درەوشانەوە بکات.

ئەو هەژاندنانەی لەوێنە شیعرییەکانی "چنوور"دایە، بناغەیەکە شایەنی جەدەلیەت و پێداچوونەوە و ئاوڕلێدانەوەیە، ئەمە هیچ نەگەیەنێ رەسەنایەتی خودی شاعیر دەگەیەنێ و حەقی رێزلێنان و ستایشە.